


# شەرم

**یاسین عومەر**
**(سلێمانی)**

هەمووموومان بە چیرۆکەکەیمان دەزانی، هەر لەبەر ئەوە بوو ئاکار و ڕەفتار و ئاخاوتنەکانیمان بە شتێکی سروشتی دەزانی. ئەو کە بە دەگمەن نەبێت قسەی نەدەکرد، جار جارە لەبەر خۆیەوە دێڕە شیعرێکی مەولانای دووپات دەکردەوە، ئەوەندە ئەو شیعرەی لەبەر خۆیەوە دووبارە کردبووەوە، هەموومان شیعرەکەمان لەبەر کردبوو. سەرباز و ئەفسەرە دیلەکانی دیکە زۆر ڕێزیان لێ دەگرت نەک لەبەر ئەوەی بە تەمەن لە هەموومان گەورەتر و لە ڕووی سەربازیشەوە پلەکەی لە هەموو ئەفسەرەکانی دیکە بەرزتر بوو، بەڵکوو کەسایەتی ئەو بەجۆرێک بوو، بێ هیچ زۆر لەخۆکردنێک بوون و ئامادەیییەکەی ئەگەرچی زۆربەی کات بێدەنگ دەمایەوە، باڵی بەسەر دانیشتن و کۆبوونەوەکاندا دەکێشا، تەنانەت ئەو سەربازە ئێرانییەی زۆربەی ڕۆژەکان بەرچایی دەدا بە دیلەکانمان و کابرایەکی تا خوا حەز بکات ڕقاوی و بێبەزەیی بوو و لە ناو دیلەکاندا بە غەزەب ناسرابوو و هەر لەسەر ئەوەی سەربازێکی دیلمان کە بەهۆی شۆکبوونی لە کاتی هێرشەکەدا، ئەقڵ و دەروونی تێکچوو بوو، لەسەر ئەوەی لەبەر خۆیەوە ناڕەزایەتی لە جۆری خواردنەکە دەربڕیبوو، بە دەمانچەکەی بەر قەدی یەکسەر کوشتبووی، مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ ئەم دەکرد... زۆر جار خواردنێکی زیاتری بۆ تێ دەکرد، بەڵام گەورەم هیچ کاتێک هەموو خواردنەکەی تەواو نەدەکرد، بەڵکوو بەسەر فەرمانی پێ دەکردم کە منیش ببمە شەریکەبەشی و خواردنەکەی لەگەڵدا بخۆم.

لە ماوەی ئەو چەند ساڵ و مانگەدا کە من لە خزمەتی سەربازی و لە دیلیدا هاوەڵی گەورەم بووم، بۆ یەک جاریش بە دەنگی بەرز قسەی لەگەڵ نەکردووم، زۆربەی کات بەر لەوەی ئەو فەرمانی بە ئەنجامدانی کارێک پێ بکردمایە، من لەخۆمەوە ئەو کارەم دەکرد، ئەمەش ئەوی

زۆر دڵخۆش دەکرد.. نازانم هۆکار چی بوو وا هەستم دەکرد کە نیگاکانی لە نیگاکانی باوکم دەچێت.. باوکم کە لە دوادواییەکانی تەمەنیدا لەگەڵ دایکم هاوسەرگیری کردبوو و زۆر لە دایکم گەورەتر بوو، پێنج ساڵ بەر لە مردنی، خوای گەورە منی پێ بەخشیبوون.

ئەم دۆخەی ئێمە لە کەمپی دیلەکانی جەنگ، هەر وا بەردەوام بوو، هەتا دوایین جار لە ۱۹۹۰/۹/۲۰دا، ڕێکەوتننامەی ئاڵوگۆڕی دیلەکان لە نێوان هەر دوو وڵاتدا واژۆکرا.. هەڵبەتە سێ ڕۆژ دواتر هەواڵەکەیان بەناو دیلەکاندا بڵاو کردەوە، تەنانەت ئەو سێ ڕۆژە نەیانهێشت تەلەڤزیۆنی نێو هۆڵی پشوودانی دیلەکانیش داگیرسێنین! هەر هێندەش نا، بەڵکوو بە نۆرە چەند سەربازێکیان کردبوو بە پاسەوان بەدیار تەلەفزیۆنەکەوە. ئەو شەوەی کە هەواڵەکە بە ناو دیلەکاندا بڵاو بووەوە و بوو بە شایی و ئاهەنگ و گۆرانی وتن، لەخۆشیدا تا نزیکی بانگی بەیانی کەس خەوی لێ نەکەوت. من کە لە نێو دیلەکاندا بە تەمەن و بە ڕوخسار لە هەموویان منداڵتر بووم، زیاتر لە هەموویان بە کۆرس گۆرانیم گوت و چەپڵەم لێ دا، ناهەقم نەبوو، چونکە دڵنیابووم دایکە هەناسەساردەکەم دەقە و چرکە بۆ ئازادبوونم دەژمێرێت..

کە بانگی بەیانی فەرموو هەموو دیلەکان بێدەنگ بوویین، ئەوانەمان کە نوێژمان دەکرد بەپەلە بەرەو تەوالێت و دەستشۆرەکان ملمان نا و کەوتینە دەستنوێژ شوشتن، پاشان بە کۆمەڵ نوێژی بەیانیمان کرد، ئەوەی کە منی سەرسام کردبوو، گەورەم بوو کە هەرگیز نوێژی نەدەکرد، بەڵام ئەو بەیانییە لە ڕیزی پێشەوە و لەتەنیشت منەوە بە کۆمەڵ نوێژی کرد، ئەوەی لەوە زیاتر سەری سوڕماندبووم، ئەو نزایانە بوون کە لە دوای سڵاو دانەوە بە دەستی واڵاوە بەرەو ئاسمان بە دەنگێکی بیستراو دەیخوێندن.. خوای گەورە تۆ خۆت ئاگاداری دڵەکانی لەم گوناهەم خۆش بە، ئەمە دوایین گوناهم دەبێت.

من کە لە نوێژ و نزا بوومەوە، نەجووڵام تاوەکوو گەورەم نووشتایەوە، تا هەستێتە سەر پێ، منیش چوومە ژێر باڵی و یارمەتیم دا کە ڕاست ببێتەوە، بەڵام ئەو بەسۆزەوە سەرمی بۆ لای سنگی خۆی ڕاکێشا، لەبەر ئەوەی باڵای زۆر لە من بەرزتر بوو، بێ ئەوەی من نزم بکاتەوە، تەوقی سەرمی ماچ کرد و بە عەرەبی و بە کوردییەکی نیوەچڵ پێی وتم لەسەر خێر کە گەڕایتەوە بۆ نیشتمان، ئاگات لە خۆت و دایکە کڵۆڵەکەت بێت. ئێوە هەردووکتان لەگەڵ (لیث) و دایکی (لیث) بەخوا دەسپێرم.

من کە لە هیچ تێنەدەگەیشتم، بە ترس و سڵەمینەوەوە وتم:

– گەورەم چی بووە؟ بەم نزا و ڕەفتارەت دەمترسێنیت.

ئەو کە زەردەخەنەیەکی تەلیسماوی ڕوخساری داگیر کردبوو، وتی:

– مەترسە کوڕم، ئەوەی لەچارە نووسراوە، هەر ئەوە ڕوودەدات.

من کە زۆر بەخەمی گەورەمەوە بووم وتم:

– دەڵێی بە هەواڵی ئاڵوگۆڕکردنی دیلەکان خۆشحاڵ نیت.

ئەو هیچی نەگوت، هێندە نەبێت زیاتر سەرمی بەسنگییەوە نووساند و بۆ یەکەم جار لە تەمەنمدا گەورەمم بینی فرمێسک بەچاوەکانیدا هاتنەخوارێ، ئیتر من خۆم بۆ نەگیرا، دامە قوڵپی گریان.. ئەو چەند نوێژخوێنەی کە هێشتا لەوێ مابوون، لەبەرخۆشی هەواڵەکە و بەشداریکردن لە شایی و ئاهەنگەکە، بێگوێدانە دۆخی گەورەم بەپەلە گەڕانەوە بۆ هۆڵی حەوانەوەی دیلەکان، دواجار گەورەم بە چمکی کراسەکەی خۆی فرمێسکەکانی سڕیم و گوتی:

– دەزانم ماندوویت بڕۆ پشوو بدە، بەیانی قسە دەکەین.

من کە حەوسەڵەی چاوەڕوانی تا بەیانیم

نەبوو، وەکوو منداڵێکی بزێوی چەقاوەسوو پێم بە ئەرزا کێشا کە دەبێت هەر ئێستا مەسەلەکەم تێ بگەیەنێت، ئەگەر نا بە هاتوهاوار هەموو کەمپەکە بە دیل و بە چاودێرە ئێرانییەکانی ناویەوە لە دەورت کۆدەکەمەوە.

ئەو کە تووشی هەڵوێستێکی وا ناجۆر بووبوو، دوودڵ بوو کە چی بکات، نازانم چۆن بوو بڕیاری دا بە قسەم بکات، بۆیە هەر بەدەم دانیشتنەوە بە پەستان خستنە سەر شانەکانم منیشی لەگەڵ خۆیدا دانیشاند.

بۆ چەند ساتێک هەردووکمان بێدەنگ بووین، دواتر بە دەنگێکی خنکاو وتی:

تەنیا کەس کە هۆکاری ڕاستەقینەی شکستخواردنی هێزەکەمان نازانێت، لەشەوی هێرشەکەی سپای ئێرانییەکان کە کردبوویانە سەر هێزەکانمان تۆیت، تۆش تەنیا کەسێکیت کە متمانەت پێ دەکەم.

هەندێک ڕووداو و کارەسات هەن، تەنیا بە مردنی کەسەکە، ڕاستییەکانیان دەردەکەون، من تا ڕۆژی پەسڵان بڵێم ئەو ڕووداوە ئۆباڵی هەڵەکانی لە ئەستۆی من نین، بەڵکوو هەواڵگری سەربازی زانیارییەکانیان هەڵە بوون، یان بابڵێم زانیارییەکانیان هەڵە نەبوون، بەڵام لێکدانەوەیان بۆ دۆخەکە و شیکارییان بۆ زانیارییەکان هەڵەبوو، چەند مانگێک بوو دوژمن هێزەکانی لە سنووری هێزەکەی ئێمە دوور خستبووەوە و هەندێک هێزیشی بۆ بەرەکانی جەنگ لە باکووری وڵات بردبوو.

کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد لە ماوەی تەنیا (٢٤) کاتژمێردا ئەو هێزە زۆرە بەو شێوە ڕێکخراوە لە بەرانبەر هێزەکانی ئێمەدا مۆڵ بدەن و بێوەستانیش هێرشیان پێ بکەن، من وەک دواتر بۆیان باس کردم ئەو هێزە بەدرۆ لە سنوورەکەی ئێمە دوور خرابوونەوە و هەر لە ناوچەیەکی نزیک و نەبینراوی بەرەی جەنگەکەمان شاردبوویاننەوە! شەوی هێرشەکەش بە چەند کاتژمێرێک پێش دەست پێکردنی هێرشەکە بە لێشاو پێشڕەوییان کردبوو، لەو کاتەدا هەواڵگریی سەربازیمان پەی بە هەڵەی لێکدانەوە و شرۆڤەی دۆخ و زانیارییەکان بردبوو، کتوپڕی ئەم هێرشە وای کردبوو کە فەرماندەیی باڵای هێزە چەکدارەکانمان نەتوانێت هێز و کۆمەکی زیاتر بۆ هێزەکانمان بنێرێت، لەبەر ئەوەی فەرماندەی یەکەمی هێزەکە من بووم، بەرپرسیاری یەکەمی شکستەکەش دەکەوێتە ئەستۆی من.

من نازانم دوای پشت لێگرتن و ئابڵوقەدانی هێزەکەمان لەلایەن سپای ئێرانییەکانەوە کێ بووەتە قوربانی و کێ بێسەروشوێن بووە، بەڵام بە حوکمی ئەزموونی خۆم لە سپادا بەجۆرێک لە جۆرەکان دڵنیام ئەو هەموو سەرباز و ئەفسەرانەی تیپەکەمان کە لە بەختی خۆیان نەکوژران و بەدیل نەگیران، دواتر لەلایەن یەکە تایبەتەکانی سپای کۆمارییەوە کە لە بەرەکانی پشتەوەی جەنگ بۆ بەجێگەیاندنی فەرمانی گوللەبارانکردنی ئەو سەرباز و ئەفسەرانەی کە بە هەنجەتی ترسنۆکی و هەڵاتن و خۆدزینەوە لە ئەرکی پاراستنی نیشتمان جێگیر کرابوون گوللەباران کراون.

من لەوە ناترسم لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕپێکردنی دیلەکاندا بگەڕێمەوە و بە فەرمانی فەرماندەی هێزە چەکدارەکان و خودی سەرۆک گوللەباران بکرێم، تازە من هەرچی بکەم و بڵێم ناتوانم ئەو گێڕانەوەیە بگۆڕم کە سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکان لە مێشکی خەڵکی بەگشتی و کەسوکاری ئەو قوربانیانەی چەسپاندوویەتی کە دەستە تایبەتەکە گوللەبارانیان کردوون، من لە بیرکردنەوەی ئەواندا فەرماندەیەکی ترسنۆک و نابەرپرسم کە سەربازی کەمتەرخەمی و هەست بە بەرپرسیاری نەکردن بۆ دەربازکردنی گیانی خۆم، خۆم و هێزەکەی ژێر ڕکێفم بەدەستەوە داوە، لە دۆخێکی وادا بە مردوو ئەژمار بکرێم زۆر لەوە باشترە کە بە ناپاک لە قەڵەم بدرێم.

تەنیا شتێکیش کە ئەو گێڕانەوەیە بگۆڕێت، هەواڵی مردنەکەمە نەک بە زیندوویی گەڕانەوەم،

بۆیە من بڕیاری خۆم داوە و لێشی پەشیمان نیم.

گەورەم بە هێمنی هەستایە سەرپێ، لەگەڵیدا منیش هەستامە سەرپێ، بە ترس و دڵەڕاوکەوە ویستم بڵێم:

-بە تەمای چیت گەورەم؟ بەدەست خۆم نییە زۆر دەترسم.

گەورەم بە هێمنی هەردوو شانمی گرت و ڕایوەشاندم، پاشان بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

- تۆ ئەگەر ئاوا نائارام و ترساو بیت، ناتوانم هیچت پێ بڵێم.

منیش یەکسەر بە دەنگی بەرز و بە شێوازە سادە و منداڵانەکەی خۆم، کەوتمە سوێند خواردن کە هێمن دەبمەوە و چیتر ناترسم.

پێدەچوو گەورەم وەک منداڵێکی پۆلی یەکی سەرەتایی تەماشام بکات، بە هێواشی دەستی خستە سەر دەمم و وتی:

پێت دەڵێم، بەڵام دەبێت بەڵێنم پێ بدەیت کە ئەم نهێنییە لای خۆت بپارێزیت و بە کەسی نەڵێیت، تەنیا کەسێک کە ئەم نهێنییەیان بۆ دەدرکێنیت (لیث) و دایکییەتی کە دەبێت لەدوای گەڕانەوەت بۆ وڵات بیاندۆزیتەوە و ئەم نهێنییەیان بۆ باس بکەیت.

پاشان بە ئەسپایی لەبەرانبەر خۆیدا دایبنشاندمەوە و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دەستی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەو شەوە کرد کە چۆن سەرەتا دوژمن بە خەستی سەنگەرەکانیان بە تۆپ و هاوەن بۆردومان کردووە و دواتر تێیدا (ئارتەش و بەسیج و سپای پاسداران) هێرشێکی لەناکاویان کردە سەرمان و لە ماوەی کەمتر لە سێ کاتژمێردا هێزی ئێرانییەکان بە جۆرێک پێشڕەوییان کردووە کە یەکەم کاریان پشت لێگرتنمان بووە، هەروەها گەورەم باسی ئەوەی کرد کە ئەو شەوە من لەبەر ئەوەی یەکەی پزیشکی، نەشتەرگەری ڕێخۆڵەکوێرەی بۆ کردبووم و بەنجی گشتی کرابووم هیچ ئاگام لە ڕووداوەکانی ئەو شەوە نەبووە و فریای مۆڵەتی نەشتەرگەرییەکەش نەکەوتووم، کە هێرشەکە ڕووی داوە، منیش لەگەڵ ئەواندا بەدیل گیراوم کە ئەگەر چەند کاتژمێرێک بەر لە هێرشەکە سواری ئۆتۆمبێل بووبمایە و بڕۆشتمایە، ڕەنگە ژیانم بە جۆرێکی دیکە بووایە و بەدیل نەگیرامایە.

پاشان بە دەستەوەسانییەکەوە وتی: من بەس بۆ مردن و خۆکوشتن باشم.

من کە هەموو خەیاڵم لای ئەم ڕستەیەی دواییینی گەورەم بوو، لە خۆمەوە وتم:

- گەورەم تۆ لە مردن ناترسیت؟ مەبەستم ئاکامەکانی دوای مردنتە، (لیث) و دایکی (لیث) چی وەڵامی خەڵک و خوا بدەنەوە؟

ئەویش هەناسەیەکی قووڵی هەڵکیشاو وەک ئەوەی قسە بۆ خۆی بکات وتی:

- کاتێک نازانین مردن چییە، بۆ لێی بترسین، من کە سی ساڵی ژیانی لاوێتیم لە ناو سپا و ئەرکی بەرگری لە نیشتمان بەسەر بردبێت و ئەمەش ئەنجامەکەی بێت کە بترسم بژیم بۆ لە مردن بترسم کە ڕەنگە ئەوەندەش سەخت نەبێت.

سەبارەت بە (لیث) و دایکیشی هەر ئەوەندە دەڵێم هیچ وەهمێک نییە هێندەی خۆشەویستی وەک هەقیقەت دەربکەوێت، هیچ هەقیقەتێکیش نییە هێندەی مردن مرۆڤ وەک وەهم مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئەگەر خودا ژیانی پێ بەخشیبێتین، بڕوا ناکەم بە مردن لێمانی بسەنێتەوە، پێدەچێت مردن لە نێوان دوو جۆر ژیاندا قۆناغێکی ڕاگوزەری بێت، ژیانی ئەم دنیایە کە هەمووی خەم و ئەرک و حەسرەت و کەساسییە، لەگەڵ ژیانی ئەو دنیا کە تا ئێستا کەس لەوێ نەگەڕاوەتەوە، تا بۆمان باس بکات کە چییە.. ترس لە مردن وەک ترس لە هەر نادیارێکی دیکە غەریزەیەکی ئاساییە و ئەمە خەوش نییە، بەڵکوو خەوش ئەوەیە کە ئەم ترسە بەسەرماندا زاڵ بێت و ئێمە بەسەر ترسدا زاڵ نەبین، لەم

ساتەدا مردن لای من هیچ واتایەکی نییە، بەڵام بە سەرشۆڕی و زەلیلی ژیان، واتە مردنی هەر سات و دەقە و کاتێکی بەردەوام، مرۆڤ دەبێت ژیانی خۆی خۆش بوێت و بزانێت چۆن سەربەرزانە بەسەری دەبات و چۆن دەمرێت.

– گەورەم من لە ئازار و ئەشکەنجەی مردن و جیهانی دوای مردن دەترسم، وا هەست دەکەم زۆر بەئازار بێت.

– مەترسە ئەوانەی لەبارەی مردنەوە قسەیان کردووە و کتێبیان نووسیوە کەسیان مردنیان تاقی نەکردووەتەوە! ئەوەش بزانە ئازار لە خودی مردنەکەدا نییە، چونکە مردن چرکەیەکە و تەواو هەموو شتێک کۆتایی دێت، بەڵکوو لە دابڕانمانە لەگەڵ ئەو کەسانەی خۆشمان ویستوون، من لە دۆخێکی ئاوادا کە نەتوانم پیاوانە و بە سەربەرزییەوە بژیم، پێم باشترە سەربەرزانە کۆتایی بەو ژیانە بهێنم کە سەرتاپای شەرم و خەجاڵەتییە.

– گەورەم بۆ تۆزێک بیر لەم بڕیارەت ناکەیتەوە، خۆ بیرکردنەوە لەم بڕیارەت لە ئەنجامدانی بڕیارەکەت سەختتر نییە.

– بیر لە چی بکەمەوە! مەگەر بیر لە دواخستنی ئەنجامدانی بڕیارەکەم بکەمەوە، ئەگەر نا بڕیارەکە وتوویژ هەڵناگرێت، ئەوەش بزانە مردن لە سەروەختی گونجاوی خۆیدا لە سەد ژیانی نادروست باشترە، من کە ئەم مردنە گونجاوەم بە نسیب نەبوو، خۆ دەتوانم بۆ خۆمی برەخسێنم. وا بیست ساڵی دیکە ژیام، دڵنیام ڕۆژێک مردن یەخەم پێ دەگرێت، بە ڕووداوێک، یان بەپیری و لەسەر جێگە و پێخەف، ئەو کات بەخۆم دەڵێم لە مردن ڕات دەکرد، ئەوەتا هاتووەتەبەر دەرگەکەت باشتر نەبوو خۆت کۆتاییت بەو ژیانە ناجۆرە بهێنایە و زووتر گەشتت بەرەو ئەم نادیارە بکردایە.

ویستم بڵێم گەورەم خۆکوشتن گەورەترین سەرکێشییە، بەڵام ئەو بواری نەدام و دەستی کردەوە بە قسەکردن:

ژیان خۆی ڕاهێنانگەلێکی قورسە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مردن، من کە لەم ڕاهێنانە سەختانەدا بۆ ویستی خۆم سەرکەوتوو نەبووم، کێ ناڵێت لەمردندا سەرکەوتوو نابم. من تێگەیشتم کە مرۆڤ هەرچی چۆنێک بیر بکاتەوە و نەخشە بۆ ئایندە و ژیانی خۆی بکێشێت، ژیان ڕەوت و ئاراستەیەکی خۆی هەیە کە لەسەر کەس ناوەستێت، ئەم ڕەوت و ئاراستەیە جارێک ڕێکە و جارێک پێچاوپێچە، هەر ئەوەندە بەسە کە مرۆڤ پەی بەوە ببات کە ئەو چەقی جیهان و گەردوون نییە، ئاوڕ بداتەوە بزانێت کە هەقیقەتی خۆی چییە و چ شتێک بەسوودی ئەوە.

من کە تەواو داڕووخابووم، قوڵپی گریانم هەستاو ویستم دەست بە دەموچاومەوە بگرم، بەڵام گەورەم بە دەست و مەچەکە بەهێزەکانی توند هەر دوو دەستی گرتم و وتی:

تۆ بەڵێنت دا کە هێمن بیت و نەگریت، دەبێت وەک پیاو بەڵێنەکەت ببیەتەسەر، پاشان بە هێواشی دەستی بەردام و بە ئەسپایی بەرەو شوێنی خۆی لە هۆڵی تایبەتی دیلەکان کە سەربازە دیلەکان سەرقاڵی شایی و لۆغانی بڕیاری ئاڵوگۆڕی دیلەکان بوون، ڕۆیشت و بەجێی هیشتم.

من کە نەمدەزانی چی بکەم، بەرەو شوێنی نووستنەکەم کە لە نهۆمی سێیەمی چرپاکەماندا بوو، ملم نا و بەدەم زیکر و تەهلیلەوە خەوم لێ کەوت، بەیانی لەسەروەختی وەرگرتنی نانی بەیانیدا، بە دەنگی تەقەی دەمانچەیەک بێدار بوومەوە، ئەوەی لێی دەترسام ئەوە ڕووی دابوو، گەورەم لەبەردەم غەزەبدا لەسەر بڕی نان و بەرچاییەکە کردبووی بە دەنگەدەنگ و ئەویش دەمانچەکەی دەرهێنا بوو و یەک گوللەی بە سەرییەوە نابوو.